Komala Party - Iranian Kurdistan
Committe in Finland

کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
کۆمیتەی فینلاند

# گوزاریشی بەڕێوەچونی ١مەی ڕۆژی جیهانی کرێکار

ڕۆژی پێنج شەممە ١.٥.٢٠٠٨ بە بۆنەی ڕێزلێگرتن لە ئەوەڵی مانگی مەی ڕۆژی جیهانی کرێکاران، لەلایەن فدراسیۆنی ئیتاحادیەی کرێکارانی فینلاند(SAS ) و بەشداری هەزاران کەس لە ئەحزاب و ڕێکخراوە چەپ و سۆسیالیستەکان پێک هاتبوو بە گەرمی پێشوازی لێکرا. ڕێپێوانەکە، کاتژمێر ١٠ سەر لە بەیانی، لە ئێسگەی ڕێگەی قەتار واتە: **Rautatientori** لە شاری شاری هێلسینکی، دەست پێکرا و بەرەو یەکێ تر لە مەیدانەکانی شار، بە ناو هاکانییێمی **Hakaniemi**، درێژەی هەبوو. لە ماوەی ڕێپێوانەکەدا خەڵکەکە شوعاریان دەدا و داوای مافە ڕەواکانی خۆیان دەکرد، بۆ وێنە: سەرکەوتوو بێ بزوتنەوەی کرێکاری، کرێکارانی جیهان یەک گرن، بژی ڕۆژی کرێکار، نەسرەوتن تا سەرکەوتن هاوپشتی و یەکیەتی و یەکسانی مافی مرۆڤ...! کە جێگەی ئاماژەیە لە سەردانی شوعارەکان، کۆمەڵە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو!

پاشان نوێنەری هەندێک لە ئەحزاب و ڕێکخراوەکان وتار و پەیامی خۆیان بە بۆنەی ئەم ڕۆژەوە پێشکەش کرد. هەروەها سروودی ئەنترناسیۆناڵ وهەندێ سرود و گۆرانی دیکەش خوێندرایەوە و پێشکەش کرا. کۆمەڵەش هەر وەک سالانی پێشوو، شان بە شانی هەموو ڕێکخراوە چەپ وسۆسیالیستەکان چالاکی هەبوو، وە بە زمانی کوردی، فارسی و فینلاندی شیعارەکانی خۆیان بەرز کردبۆوە، هەروەها تراکت و پەیامی تایبەت بەو ڕۆژەیان، لە ناو جەماوەردا بڵاو کردەوە و لە لایەن هەڵسوڕاوانی کۆمەڵە، لە سەر بارو دۆخی بزوتنەوە کرێکاریەکان لە سەراسەری جیهان بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی بەحس و ئاڵو گۆڕی بیرو ڕا لە گەل لایەنەکانی دیکە هاتە ئاراوە. ڕێپێوانەکە، لە ساعەت ٢ی دۆانیوەڕۆ کۆتایی پێهات.

**کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**

**کومیتەی ڕێکخراوی فینلاند**
















www.komala.org
**E-mail:** komalafi@yahoo.com

**Mobile:** (00358) **047604921**